جەمیل بایک هەکاری دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات

جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کەما جڤاکێن کوردستان-کەجەکە، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ میدیای فەرمی پەکەکە، باسی لە هێرشەکانی تورکیا و "هاوکاری" پارتی بۆ تورکیا لەو هێرشانەدا و هەروەها ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرد.

جەمیل بایک سەبارەت بە هەکارەکانی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وتی: "بارزانییەکان ناڵێن با هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت بەڵکو دەڵێن با دوابخرێت تا کۆتایی ئەمساڵ، چونکە ئەردۆغان دەڵێت با زیاتر لە باشوردا بڵاوببینەوە، دیارە پێکەوە پیلانێکیان داڕشتوەو لە چاوەڕێی بڵاوبونەوەی زیاتری سوپای داگیرکەری تورکدان لە باشوور، بەو شێوەیەش دەرفەتی ئەنجادانی هەڵبژاردن ناهێڵنەوە".